کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
26-2-2007 20:57 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## شەڕی دەستەبەرکردنی یاریزانێکی 11 ساڵ لە نیوان یانەی ڕیاڵ مەدرید و بەرشلۆنە ... ئەنوەر خەراجیانی




یانە ناودارەکانی ئیسپانیا و جیهان وەك بەرشلۆنە و ڕیاڵ مەدید شەڕ لەسەر یاریزانیکی تەمەن 11 ساڵ دەکەن بۆ ڕیزبەندی یانەکایان، یاریزانی ناو براو ناوی (لوریانو لیدونیا) 11 ساڵە و خەڵکی ئەرژەتینە و بەهرەدارە لە یاری تۆپی پێ لە ساڵی 2005 بۆ 2006 لە 75 یاریدا 160 گۆڵی تۆمارکردووە، یانەکانی ئەرژەنتین وەك ڕیڤیر پلایت و بۆکا جنیو زۆر هەوڵیان داوە یاریزانی بەهرەدار لوریانو گرێبەستی لەگەڵدا مۆر بکەن بەڵام بەگوێرەی قسەکانی باوکی یاریزانی ناو براو پێی باشە دواڕۆژی کوڕەکەی لە ئەوروپا بێت بۆ ئەم مەبەستە لە مانگی سێی ئەم ساڵدا سەردانی ئیسپانیا دەکەن بۆماوەی 15 ڕۆژ، یانەی ئیسپانلۆش خۆی خنیوەتە نێو ئەم شەڕی دەستەبەرکردنی یاریزانی ناو براو ئاشکرایە یانەی بەرشلۆنە و ڕیاڵ مەدرید گەورەترین قوتانخانەی تۆپی پێیە ساڵانە هەردوو یانەی ناوبراو بە سەدەها یاریزان دەکرن لە کیشوەری ئەمەریکای باشوور و ئەفەریقا بە نرخێکی گونجاو پاش پێگەیاندنیان بە نرخێکی زۆر خەیاڵی دەیان فرۆشنەوە، پەروەردەکردنی یاریزان خێزانە پاشان ڕاهێنەر و ئیدارە لە ڕاستیدا تا ئێستا لە کوردستاندا هیچ خێزانێك نازانن منداڵەکەی چی ئارەزوویەکی هەیە لە ژیاندا هیچ خێزانێك گرنگیان نەداوە بە منداڵ هیچ کاتێك نەبینراوە منداڵ یاری بکات دایك و باوکی بێن بۆ تەماشاکردنی

ئامادەکردنی
ئەنوەر خەراجیانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.